# بۆ تەنیا رۆژنامەی خەبات

نیاز عزیز

ئەوە چەندین جارە کە دەبینین لە سەر هەوالێکی رۆژنامەی (خەبات) دەنووسرێت، کە لە رۆژی ٩/١٥ بڵاو کراوەتەوە لە سەر پەسەند کردنی پەرلەمانی سوید ، یاسایەك دژ بە پەنابەران، کە تا ئێستا مافی پەنابەرێتیان وەرنەگرتووە . ئەوە بوو لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٥/٩/١٤ خرایە دەنگدان و یاسایەکە پەسەند کرا ، بەڵام ئەوەی سەیرە دەبینین کەسانێك لە سەر ئەو هەوالە دەنووسن کە گوایە راست نیە، هەرچەندە بە نیاز نەبووم وەڵام بدەمەوە ، بەڵام لە بەر ئەوەی خۆم ئەو هەواڵەم وەرگرتووە و بڵاو کردۆتەوە بە پێویستم زانی ئەمە روون بکەمەوە :

١-ئەم هەوالە لە سەرچاوەیەکی ڕەسمی وەرگیراوە، دلنیاین لە ڕاستی هەواڵەکە و ئەوەی لەو وواڵتەش بێت ئاگاداری ڕاستی ئەم هەواڵەیە.

٢-خەبات بە تەنیا ئەم هەواڵەی بڵاو نەکردۆتەوە، بەلکو هەموو ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە.

٣-لە هەواڵەکە باسی ئەوە دەکرێت کە پەرلەمانی سوید بە زۆرینەی دەنگ دژی ئەم یاسایە وەستاوە، تەنها وەکوو پێشبینییەك وتوومە، لە بەر ئەوەی هەردوو پارتە دەسەلات دارەکە پاڵپشتییەکی توند لەو یاسایە دەکەن ، چاوەڕێ دەکرێ بەم نزیکانە بچێتە واری جێبەجێ کردن.

٤- یەکێك لەو کەسانەی لە سەر هەوالەکەی نووسیوە ، گوایە خۆی لە ناو پەرلەمانی سویدە و یاداشتێکی کوردی هەبووە کە قسەی لە سەر کراوە، بۆ ئەمەش تەنها دەقی هەواڵە سویدیەکە لە خوارەوە وەکوو خۆی بڵاو دەکەمەوە کە لە هەمان رۆژی بڵاو کرانەوەی هەوالەکە لە رۆژنامەی خەبات، لەوێش بڵاو کراوەتەوە، بۆ ئەوەی خۆتان لێك بدەنەوە ئایا هیچ جیاوازییەکی لە گەل رۆژنامەی خەبات هەیە؟ کوا باسی کورد دەکات؟ تەنیا بە شێوەیەکی گشتی باسی پەنابەرەکان دەکات. ئەمەش دەقی هەواڵەکەیە:

نازانم بۆ نکۆلی لەم هەواڵە دەکرێت، ئەوەی ئێستالە سویدە و مافی پەنابەری نیە و لە هەمووومان زیاتر ئاگادارە، هەر چەند رۆژێك لەمەوبەر رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چەند لایەنێك داواکارییەکیان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی بە لانی کەم وەکوو وواڵتی نەرویج ، جارێ بە شێوەیەکی کاتی ئەم یاسایە رابگیرێت ، بەڵام ئەمەش رەت کرایەوە لە لایەن وواڵتی سویدەوە.

زۆر شتی تر هەیە نامەوێت چیتر درێژەی پێ بدەم بەڵام وا پێدەچێت مەبەستی ئەو کەسانە ئەم هەوالە نەبێت بەلکوو خودی رۆژنامەکە بێت چونکە لە هەوالێکی تریش گوایە خەبات ڤیرغیزستانی لێ بۆتە کوردستان ، کە ئەمەش بە هەمان شێوەیە ، چونکە ئەم سەرچاوەیەی هەوالەکەی لێ وەرگیراوە بە کاسێت تۆمار کراوە ، و قسەکانی سەرۆکی ئەمریکاش لە سەر کاسێتەکە هەیە، ئەوەی دەیەوێت دلنیا بێت با سەردانی رۆژنامەی خەبات بکات لای (ك.ق) بۆ ئەوەی هیچ گومانێك نەمێنێت.

Nej till flyktingamnesti

2005-09-1516:16

Av:TT
Riksdagen sade nej till en flyktingamnesti.
Röstsiffrorna blev 172 mot 134. 5 riksdagsledamöter avstod från att rösta och 38 var inte närvarande.
Socialdemokraterna och moderaterna väntades redan på förhand säga nej till en amnesti.
För att förslaget skulle gå igenom krävdes att minst 27 moderater eller socialdemokrater gick emot sina partiers linjer.
I förmiddags fick riksdagens debatt om asylpolitiken avbrytas efter demonstrationer på åhörarläktaren.
Demonstrationen startade när migrationsminister Barbro Holmberg skulle inleda sitt anförande. Hon avbröts av en grupp på åhörarläktaren som sjöng nationalsången med en egenhändigt skriven text. De protesterade mot regeringens flyktingpolitik. Bland annat anklagades Holmberg för att komma med "samma gamla rasistiska ord".
Demonstranterna slängde också ut flygblad.
Hela åhörarläktaren utrymdes efter händelsen. Drygt 20 minuter senare kunde Barbro Holmberg fortsätta sitt anförande, dock utan publik.
-Det vi just upplevt vittnar om hur oerhört starka känslor som väcks när det gäller flyktingpolitiken, sade hon och uppmanade till en saklig debatt. Riksdagen skulle i dag också besluta om en ny asylprocess. Utlänningsnämnden avskaffas. I stället ska avslag på asylansökan från Migrationsverket överklagas till vissa speciellt utsedda länsrätter.